گوڵان
ژمارە (٧٧٩)
٢٠١٠/٥/٣
٥٦



## فاتێ:

# هونەری کوردی تایبەتمەندی خۆی هەیە و نزیکی لەگەڵ هونەری گەلانی ئاسیا هەیە

دیمانە/ خەلیل بلەیی

**● لە باکووری کوردستان ژمارەیەکی زۆر هونەرمەندی ئافرەت هەن کە دەنگ و گۆرانییەکانیان مۆرکێکی رەسەنایەتییان پێوە دیارە و هەر کەسێکی گوێیان لێبگرێت، هەست بە هونەری راستەقینەی کوردی دەکات. فاتێ یەکێکە لەو خانمە هونەرمەندانە، ئەو لە خانەوادەیەکی هونەردۆست پەروەردە بووە، بۆیە هەر زوو توانا هونەرییەکانی دەرکەوتن، تا ئێستا چەندین بەرهەمی جیاجیای بڵاوکردۆتەوە و ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێیە، بۆیە بە پێویستمان زانی بەسەری بکەینەوە.●**

*** دوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمە نوێیەکەت، پێشوازی کردنی جەماوەر لەو بەرهەمە چۆن بوو؟**

- یەکێکم لەو کەسانەی کە حەز ناکەم وەك مەدح و ستایشکردنی خۆم باس لە کارەکانم بکەم، بەڵام ئەوەندە دەڵێم بە توانا داراییەکانی خۆمەوە ئەم بەرهەمەم بڵاوکردەوە، سەبارەت بە سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی بەرهەمەکە، ناتوانم بڵێم ئەوەندە فرۆشراوە یان نەفرۆشراوە، بەڵام لەرووی موزیکەوە دەتوانم بڵێم یەکێك بووە لە بەرهەمە سەرکەوتووەکانم.

*** بەر لە ماوەیەك لەگەڵ هونەرمەندە محەمەد شانل کلیپێکت تۆمار کرد بیرۆکەی ئەو گۆرانییە چۆن دروست بوو؟**

- چیرۆکی ئەم گۆرانییە دوور و درێژە، محەمەد شانلی کە گۆرانییەکەی ئامادە کرد پێشکەشی هونەرمەندێکی تورکی کرد بە ناوی (گیلەر ئیشك) و بڕیار وابوو بەیەکەوە بیڵێن، بەڵام نازانم چی لە نێوانیان روویدا و نەیانتوانی بە یەکەوە بیڵێن، برایەکەم پێی وتم محەمەد گۆرانییەکی هەیە حەز دەکەین ئەگەر بتوانی بە یەکەوە تۆماری بکەن، کاتێك منیش تێکستی گۆرانییەکەم خوێندەوە سەیرم کرد زۆر خۆش بوو بە ڤیدیۆ کلیپ تۆمارمان کرد و زۆریش سەرکەوتوو و خۆش دەرچوو.

*** هونەری تورکی، فارسی، عەرەبی کامیان زیاتر لە هونەری کوردی نزیکترە؟**

- زیاتر باس لە موزیکی تورکی دەکەم، ئەوەی کە لە تورکیا ئێستا هەیە و موزیك سەنعەتی ناسراوە لەو وڵاتە زۆربەی ئەوەی پێشکەش دەکرێ موزیکی گەلانی دیکەیە وەك کوردی، یۆنانی لەم بارەشەوە تورکەکان زۆر سوودیان لەم شێواز و رەفتارەی خۆیان بینیوە، هەروەها موزیکی عەرەبی و فارسیش کاریگەری و تایبەتمەندی خۆیان هەیە و دەتوانین تا راددەیەك سوودیان لێ وەربگرین و ئێستا هەندێك لە هونەرمەندە لاوەکانمان زیاد لە پێویست بەکاری دەهێنن، بەڵام وەك نزیکی پێموانییە جۆرە نزیکییەکی هەیە لەنێوان موزیکی ئاسیایی بە گشتی، سەرەڕای ئەوەش هونەری ئێمە تایبەتمەندێتی و جیاوازی خۆی هەیە لەگەڵ هەمووان.

*** ئەم تایبەتمەندی و جیاوازییە لەچیدایە؟**

- ئێمە شـــاكرۆمان هەیە، ئایا لەنێو عەرەب شاكرۆیەك هەیە، بە هەمان شـــێوە محەممەد عارف و شڤان پەروەر كە ئەمانە دەتوانم بڵێم بناغەی هونەری رەســـەنی ئێمەن و شانازییان پێوە دەكەین، ئایـــا لەنێو گەلانی تر ئەمانە هەن یاخود كەســـانی تر هەن لە ئاستی ئەمانەدا بن، باوەڕ ناكەم هەبن.

*** بـــەر لە ماوەیـــەك حكومەتی توركیـــا كەناڵێكی بە زمانی كوردی كردەوە، ئایا دوور لە مەبەســـتە سیاســـییەكانی توركیا لەلایەنی هونەرییـــەوە زیانی بە هونەری كوردی گەیاندووە یان سوود؟**

- ئێســـتا دەبینین زۆر كەس باس لە كەناڵی TRT6 دەكەن و بـــەدوای دەكەون، بە بڕوای من پێویســـت بوو ئەم كەناڵە زووتر هەبـــوا، واتە كردنەوەی زۆر دواكـــەوت، خۆتان دەزانن تا چەند ســـاڵێك بەر لە ئێســـتا هەڵوێســـتی دەوڵەتی توركیا بەرامبەر هەر شـــتێكی كـــوردی یان بە زمانی كـــوردی چۆن بوو، ئەم هەڵوێستەشیان بەشێوەیەكی سلبی لەسەر هونەر بەگشتی رەنگی دابۆوە، ئەوەی ئێســـتاش دەكرێ مەبەســـتم كردنەوەی كەناڵێك كـــە بەرنامەكانی بە زمانی كـــوردی پەخش بكات جۆرێكە لە سیاسەت لەبەر ئەوەی لە كۆتاییدا زانییان پێویستە چارەسەرێك بۆ كوردەكان بدۆزنەوە ناچار بوون كە ئەم كەناڵەش بەشـــێكە لەو چارەســـەرییە یاخود یەكێكە لەو هەنگاوانەی كە پێویســـت بوو بیهاوێن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەمە بەكارێكی خراپی نابینم، هەرچەندە دواكەوتیش، بەڵام ئاســـاییە ئەگەر ئێمەی كورد لەو كەناڵە دەربكەوین، چونكە ئەگەر هیچ نەبێت بە زمانی كوردییە كە تا ماوەیەكی نزیك بەر لە ئێستا قەدەغە بوو.

*** لە هەر چوار پارچەی كوردســـتان هونـــەری كوردی لەكام پارچە زیاتر پێشكەوتنیان بەخۆوە بینیوە؟**

- ئەگەر بەشـــێوەیەكی زانستی ســـەیری ئەم مەسەلەیە بكەین بۆمان دەردەكەوێت كە هونەر بەگشتی تا ئێستا لەژێر كاریگەری كلتووردا ماوەتـــەوە، نەك لەبەر ئەوەی مـــن خەڵكی باكووری كوردســـتانم، بەڵام وەك بێلایەنێك دەڵێم لە باكووری كوردســـتان بناغەیەكی پتەوی هونەری كوردی سەریهەڵداوە و بەردەوامە و بووەتە هۆكارێك بۆ پێشخستنی هونەری رەسەنی كوردی.

*** ئەو هەموو كەناڵە كوردیانەی كە هەن مەبەستمان ئاسمانیەكانە، توانیویانە وەك پێویست خزمەتی هونەری كوردی بكەن؟**

- بەداخەوە زۆربەی كەناڵە كوردییەكان سەر بە لایەن و رێكخراوە سیاســـییە كوردییەكان بوون، بۆیە كار و بەرنامەی سیاسی ئەو كەناڵانە كاریگەرییەكی زۆری لەســـەر بواری هونەری هەبوو و هەر كەناڵێـــك تەنیا دەربڕی بیروبۆچوون و ئایدۆلۆژیای ئەو لایەنە بووە، ئەگەرچی كار و بەرنامەی هونەریشـــیان هەبووە، ئێســـتا ژمارەیەك كەناڵی دیكە پەیدا بوون كە تایبەتن بە هونەر و مۆسیقای كوردی لەوانە كۆرەك، ڤین، كەناڵ 4، كورد یەك، كە ئەمانە هـــەر یەكیان بەشـــێوەیەك و بەجۆرێك و بەگوێرەی تواناكانی خۆیان خزمەتیان كردووە.

*** بۆچی تا ئێســـتا هیچ كلیپكت بڵاو نەكردۆتەوە بۆ بەرهەمە نوێیەكەت؟**

- ئەو پرســـیارە زۆر لە جێیە، بەشێكی زۆری توانا داراییەكانی خۆم لە بڵاوكردنەوەی بەرهەمەكەم سەرف كردووە و كلیپی باش و سەركەوتووش پێویستی بە توانایەكی ماددی زۆر هەیە، بۆیە دەتوانـــم بڵێم نەبوون یان كەم بوونی توانـــای دارایی یەكێكە لە هۆكارەكانی تۆمار نەكردنی ڤیدیۆ كلیپ.

*** كازۆ بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- هونەرمەند كازۆ بەدەر لەوەی كە مامی منە وەك هونەرمەندێك دەڵێم یەكێكە لەو هونەرمەندانەی كە خزمەتێكی دیار و بەرچاوی بـــە هونەر كوردی گەیاندووە و ئەو هونەرەی كە كازۆ و چەندین هونەرمەندی دیكەی هاوشـــێوەی ئەو لـــە هەموو پارچەكانی كوردســـتان بوونەتە هۆی ئەوەی خەڵكانێ لایەنە رەســـەنەكەی هونەری كوردی بناسن و لێی شارەزا بن، سەبارەت بە كاریگەری كازۆ بەسەر منەوە وەك فاتێ بێگومان زۆر كاریگەرم بە هونەری كازۆ و هـــەر ئەویش بووە هۆكاری ئەوەی كە بتوانم بەردەوام بم لەســـەر كاری هونەری و درێژەی پێ بدەم و بگەم بەو ئاستەی كە ئێستا تێیدام.

*** ئێستا چی نوێت هەیە؟**

- دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمەكەم ماوەیەك حەســـامەوە، ئێستا لەگەڵ هونەرمەند شـــەریف قەیران خەریكی ئەنجامدانی چەند كارێكی هونـــەری نوێین، هیوادارین بە دڵـــی جەماوەر بێت و بتوانین بە هەردووكمان خزمەتێك پێشـــكەش بە هونەری كوردی بكەین.

باكووری كوردستان بناغەیەكی پتەوی هونەری كوردی سەریهەڵداوە و بەردەوامە و بووەتە هۆكارێك بۆ پێشخستنی هونەری رەسەنی كوردی

وەك فاتێ كاریگەری هونەری كازۆم بەسەرەوەیە



# Movie actors ٥ Top


## باشترین ئەكتەری هەڵبژێردراوی جەماوەر لەم مانگەدا




١- مێگان فۆكس



٢- ئانا هاساوای



٣- ئیما واتسۆن



٤- مایلی سایرۆس



٥- جۆش دوهامێل

## ئۆباما و شاكیرا پشتیوانی لە كۆچبەران دەكەن



ئەستێرەی پۆپی بە رەچەڵەك كۆلۆمبی شاكیرا گەیشتە شارۆچكەی فینیكس بۆ كۆبوونەوە لەگەڵ فیل گۆردون سەرۆكی شارەوانی شارۆچكەكە بۆ یارمەتیدانی لەو هەڵمەتەی دەستپێكردووە دژی یاسایەكی نوێی ویلایەتی ئەریزۆنا بۆ رووبەرووبوونەوەی كۆچی نایاسایی، چونكە گۆردنیش یەكێكە لەو كەسانەی كە بە توندی دژی ئەو یاسایەیە.

هەرچەندە كەسە نزیكەكانی شاكیرا هیچ شتێكیان دەربارەی ئەم سەردانە باس نەكرد، بەڵام هەندێك سەرچاوە رایانگەیاند كە شاكیرا چاوی بەو خێزانانە كەوتووە كە زەرەرێكی زۆریان بەر كەوتووە بەهۆی ئەم یاسایەوە بۆ دەربڕینی پشتگیری خۆی بۆیان، هەروەها هەر لەم سەردانەیدا شاكیرا بەشداری لە چەند بەرنامەیەكی تەلەفزیۆنیدا كردووە بۆ ئەوەی زیاتر ئەم كێشەیە لەسەر ئاستی جەماوەر بوروژێنێت و رای گشتی خەڵكی بۆ ئێش و ئازارەكانی ئەو خانەوادانە رابكێشێت كە هەر لە سەرەتاوە پشتگوێ خراون، شاكیرا راشیگەیاند ئەم یاسایە لەوانەیە ببێتە هۆی دروستبوونی جیاوازی ئیتنی لەنێوان پێكهاتە جۆراوجۆرەكانی ئەریزۆنا.



لەلایەكی دیكەوە باراك ئۆبامای سەرۆكی ئەمریكا رەخنەیەكی توندی لەو بڕیارە گرت و گوتی: دەبێتە هۆی لاواز بوونی چەمكی سەرەكی یاسا كە زۆر پیرۆزە لای گەلی ئەمریكی، هەروەها دەبێتە هۆی نەمانی بڕوا و متمانە بە یەكتری لەنێوان پۆلیس و ئە جالیانەی لە ئەمریكا دەژین كە ئەمەش زۆر گرنگە بۆ پاراستن و مسۆگەر كردنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكا.

## جۆهانسۆن جیاوازە

كچە ئەكتەری ئەمریكی سكارلێت جۆهانسۆن بەشداری لە فیلمی پیاوی ئاسنین-٢ دا دەكات كە تێیدا رۆڵی كچێكی سەر بە پۆلیسی نهێنی دەبینێت، دەربارەی فیلمەكە سكارلێت بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند رەنگە ئەم فیلمە تارادەیەك جیاوازی هەبێ لەگەڵ فیلمەكانی دیكەی .


سكارلێت هەروەها بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند، من ئافرەتێكی زۆر ئاساییم و هەوڵ دەدەم زۆر لە زوومی كامیراكان دوور بكەومەوە بەتایبەتی لە ئاهەنگە تایبەتییەكان، چونكە زۆر لە هونەرمەندان پێیان ئاساییە كە كاتێك بێهۆشن وێنەیان بگیرێت و لەنێو خەڵكیدا بڵاو ببێتەوە، بەڵام من پێموایە هەندێك جار دەبێ رۆژنامەنووسان و بەتایبەتی وێنەگران تایبەتمەندێتی هونەرمەندان بپارێزن، چونكە ئێمەش وەك هەمووتان مرۆڤین و ئاساییە ئەگەر هەڵەیەك بكەین یان كارێكی وا ئەنجام بدەین كە لەنێو كۆمەڵگادا بە ئاسانی قبوڵ نەكرێت.

سكارلێت هەروەها گوتی: هیوادارم ئەم فیلمە ببێتە هۆی رەزامەندی جەماوەر و بتوانم بە كارێكی نوێی سەركەوتوو و جیاوازتر لە كارەكانی پێشووم بگەڕێمەوە و دڵنیاشم لە سەركەوتنی ئەم فیلمە.





1




2





3



4



5



6





7




8




9



10

# ئەو فیلمانەی لەم هەفتەیەدا زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە

## فیلمی "ڕاهێنان لەگەڵ تەنین" جارێکی تر پلەی یەکەمی بەدەستهێنا

فیلمی سێ ڕەهەندی 3D ڕاهێنان لەگەڵ تەنین "How to Train Your Dragon" دوای ئەوەی لەیەکەم هەفتەی نمایشکردنی بە زیاتر لە ٤٣ ملیۆن دۆلار پلەی یەکەمی بەدەست هێنا، ئەوەتا دوای پێنج هەفتە بە کۆکردنەوەی ١٥ ملیۆن دۆلار گەڕایەوە پلەی یەکەم. فیلمی How to Train Your Dragon وەك هەر فیلمێکی تری ئەنیمەیشنی لەو جۆرە، زیاتر سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێت و چیرۆکەکەی لەگەڵ جۆری بیرکردنەوەی منداڵ نووسراوە، ئەمە جگە لەبەکارهێنانی ئەو ڕەنگە زەقانەی کە ئەوانی پێ سەرسام دەکات، ئەوەی بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە فیلمانەی زیادکرد، ئەو بازاڕە گەرمییە بوو کە لەساڵی پار تێکرای فیلمە ئەنیمەیشنەکان بەدەستیان هێنابوو، بەتایبەتی فیلمی "UP" کە بووە براوەی خەڵاتی ئۆسکار، هەرچۆن فیلم لەسەر تەنین یاخود "دراگۆن" مۆدێکی تری سینەمایەو چەند ساڵ جارێك فیلمێکی لەسەر دروست دەکرێت و چەندەها داستانی لێ نووسراوەتەوە، کە لەسەرەتاوە لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا سەری هەڵداوە، پاشان چۆتە ناو ئەدەبیاتی ئینگلیز. فیلمەکە باس لە لاوێکی بێبەخت و نەگبەت دەکات، دەیەوێت ڕاوی تەنین بکات، بەڵام بەبێ هیچ بەرنامەڕێژییەك و بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی بکات، دەبێتە خاوەنی بێچووە تەنینێك و هاوڕێیەتی دەکات، کە زۆر شت هەبوو دەربارەی ئەو جۆرە بوونەوەرانە فێری دەبێت، کەتاوەکو ئێستا نەیدەزانی، بۆیە لەمە جیهانێکی تری بۆ دەکرێتەوە، تەواوی چیرۆکی ئەم لاوە لە فیلمەکەدا نمایش دەکرێت.

فیلمەکە لە دەرهێنانی "دین دیبولش" و "کریس ساندرز"ە، وەکو دەنگیش ئەم ئەکتەرانە ڕۆڵی پاڵەوانانیان بینیوە: "جای باروچیل، جێراد پتلەر، کریج فێرگسۆن، ئەمێریکا ڤیرارا.

ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکایە بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:

1- (How to Train Your Dragon) ١٥،٠٢٥ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٧٨،٠٢١ ملیۆن$، بە ٥ هەفتە، پلەی پێشو:٢.

2- (The Back-up Plan) ١٢،٢٥٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٢،٢٥٠ ملیۆن$، بە یەك هەفتە.

3- (Date Night) ١٠،٦٠٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٦٣،٤٧١ ملیۆن$، بە ٣ هەفتە، پلەی پێشوو:٣.

4- (The Losers) ٩،٦٠٥ ملیۆن$، کۆی داهات: ٩،٦٠٥ ملیۆن$، بە یەك هەفتە.

5- (Kick-Ass) ١٩،٨٢٨ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٩،٨٢٨ ملیۆن$، بە ٢ هەفتە، پلەی پێشو:١.

6- (Clash of the Titans) ٩،٠٠٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٤٥،٦٣٠ ملیۆن$، بە ٤ هەفتە، پلەی پێشووە٥.

7- (Death at a Funeral) ٨،٠٠٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٨،٤٤٩ ملیۆن$، بە ٢ هەفتە، پلەی پێشو:٤.

8- (Oceans) ٦،٠٠٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٦،٠٠٠ ملیۆن$، بە یەك هەفتە.

9- (The Last Song) ٣،٧٠٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٥٥،٣٩٨ ملیۆن$، بە ٤ هەفتە، هەفتەی پێشوو٦.

10- (Alice in Wonderland) ٢،٢٥٦ ملیۆن$، کۆی داهات: ٣٢٧،١٣١ ملیۆن$، بە ٨ هەفتە، پلەی پێشو:٨.

ئا: عەبدوڵا چنگیانی

# خۆشەویستی و پێشوازی جەم

# رۆزبێ: زۆر بی

*** ئایا بڵاوبوونەوەی سـیدیەك بەناوی تۆ پێش ئەوەی بـە فەرمی بڵاو بێتەوە تاچەند کاریگەری هەبوو لەسەر ئەلبوومەکەت؟**

ــ سوپاس بۆ خودا کاریگەرییەکی زۆری نەبوو لەبەر ئەوەی کوالێتەکەی زۆر خراپ بوو، هەروەها دەنگێکی زیـادەی زۆریش لەنـاو گۆرانییەکان هەستی پیێ دەکرا.

*** تازەگەریت لە سیدیەکەتدا کردووە، ئامانجت لـەو کارە چی بـووە و بەرامبەر بـەو تازەگەریە رەخنەت لێگیراوە یان دەستخۆشیت لێکراوە ؟**

ــ راستە، من مەبەسـتم لەو کارە ئەوە بووە کە سەرنجی زۆر لە گەنجان رابکێشم بۆ ئەوەی کەمتر گویێ لە موزیکی بیانی بگرن و زیاتر سـەرنجیان بۆ موزیکی کوردی رابکێشـم و پێویسـتیەکانیان جێبەجـیێ بکـەم. تـا ئێسـتاش لەلایەن گەنجانەوە دەستخۆشـی زۆرم لێکراوە، بەداخەوە هەندیێ کەسـیش دژ بە بیروبۆچوونی جیاواز و نوێن، رێزم هەیە بۆ بۆچوونی ئەوانیش.

*** دایکی بەڕێزت شاعیری ناودار(سیمین چایچی) تاچەند کاریگەری هەبووە لەسەر ئەوەی روو بکەیتە گۆرانی وتن؟**

ــ هەمیشـە ئەوەم وتووە کە لەبەر ئەوەی دایکی من شاعیر و نووسەر بووە، ماڵی ئێمە جێگـەی هاتووچۆی زۆر لەهونەرمەندانی گەورە بووە، لەبـەر ئەوەش من زۆر هاندرام بەرەو کاری هونەری، بـەڵام وەك گۆرانی وتن، بە



***● رۆزبیێ خاوەنی دەنگێکی زۆر خۆش و ستایلێکی تایبەتە، ماوەیەك پێش ئێستا یەکەمین ئەلبوومی خۆی بڵاو کردەوە کە لەکاتی بیستنی گۆرانییەکان هەسـت ئەکەین بە شـێوەیەکی زۆر پرۆفیشـناڵ کاری کردووە و یەکەمین هەنگاوی هونەری خۆی بە شـێوەیەکی سـەرکەوتوو دەست پێکرد. رۆزبیێ هونەرمەندێکی گەنجی کوردستانە و لە تاران نیشتەجێیە، توانی بە ماوەیەکی کەم جێگەی خۆی لەناو دڵی جەماوەردا بکاتەوە. یەکەمین کلیپی بەناوی (کـۆچ) بوو کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو بە تایبەتی لای گەنجان و ئێسـتاش خەریکی کلیپکردنی دووەمیـن گۆرانی ئەلبومەکەیەتی. زۆربەی گۆرانییەکانی لە ئاواز و دابەشکردنی خۆیەتی، ئەویش بەهۆی ئەوەی پەیمانگەی موزیکی تەواو کردووە و شارەزاییەکی زۆری هەیە لە بواری هونەر و مۆسیقادا. ئەو خۆشحاڵە بەهۆی ئەو پێشوازیەی کە لە کوردستان لێیکراو و ئاواتەخوازە بە زووترین کات سەردانی کوردستان بکاتەوە.●***

**دیمانە: هێمن قەسرەیی**



# ـــاوەر چاویان پڕ کرد لە فرمێسک
# ــری کوردستان دەکەم

یەکجاری بڕیارمدا کە گۆرانی بڵێم.

*** زۆربـــەی گۆرانیـــەکان لە ئاواز و دابەشـــکردنی خۆتن، ئایـــا ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

ـ زیاتـــر ئیشـــی من مۆســـیقایە، گۆرانی وتن ئیشـــی دووەمی منە، هەر لەبەر ئەوەشـــە کە زۆربەی گۆرانیەکان لەئاواز و دابەشکردنی خۆمن.

*** رۆژبـــێ بە شـــێوەیەکی ئەکادیمی لـــە کۆلێژ یـــان پەیمانگـــەی هونەری خوێندویەتی؟**

ـ بەڵێ من پەیمانگای موزیکم تەواو کردووە و لەزانکۆی تارانیش خوێندوومە، بەڵام مرۆڤ بە خوێندن نابێتە هونەرمەند، خوێندنی ئەکادیمـــی تەنیا یارمەتیەکی زۆرت ئەدات بۆ ئەوەی ئەو بەهرەیەی کە لەتۆدایە گەشەی پێ بدەیت.

*** کەی کلیپە نوێیەکە بڵاو دەکەیتەوە؟ ئەکرێت هەندێ زانیاریمان بدەیتێ لەبارەی نـــاوی دەرهێنەر و شـــوێنی وێنەگرتنی کلیپەکە؟**

ـ کلیپی نوێی من ئێستا لە پرۆدۆکت دایە، کاری وێنەگرتنەکەی لە ناوچەی گەرمســـەر لە ئێران بـــۆ دەکرێت، ناوی گۆرانیەکـــە کەنیشـــکەیە بـــە هەردوو زاراوەی ســـۆرانی و کرمانجی وتوومە، دەرهێنەرەکەشـــی هەمـــان دەرهێنەری کلیپی کۆچە کە بە ناوی هونەری هیڤا ئیش دەکات.

*** دوا تراکی ئەلبومەکە ریمێکسە ئەوە شـــتێکی نوێیە لەکوردستاندا ئەوە چۆن بوو؟**

ـ راســـتە ئەوە لە کوردســـتان نوێیە، بـــەڵام لە دنیادا ئەو کارە دەمێکە کراوە و پێم وانییـــە لەو بابەتەدا کارێکی گەورەم کردبێت.

*** لـــە باشـــوری کوردســـتان چۆن پێشوازیت لێکرا؟**

ـ بەڕاســـتی پێشوازییەکی پڕ لە ڕێز و خۆشەویســـتیم لێکرا، خەڵـــك ئەوەندە بە خۆشەویستی پێشـــوازی لە من کرد کە گەڕامـــەوە بۆ تاران چاوم پڕ بوو لە فرمێسك. زۆر بیری ئەوێ دەکەم.

*** جگـــە لـــە گۆرانی وتـــن نیازی چی ترت هەیە بۆ نموونە بەشـــداریکردن لەفیلمێکی ســـینەمایی، تۆ بیرت لەوە کردۆتەوە؟**

ـ ئێســـتا نا، بەڵام بـــۆ ریکلام یەك دوو بیرۆکەم ئاراســـتە کراوە کە ئێســـتا بیری لێدەکەمەوە، مـــن وەك گۆرانیبێژ و موزیکژەنێـــك بـــەردەوام دەبـــم، بـــۆ فیلمی ســـینەماییش تا ئێستا بیرم لێ نەکردۆتەوە.

* لەگۆرانیبێژانـــی کـــورد، فارس، عـــەرەب و ئەوروپـــی رۆژبـــێ بە کام هونەرمەند سەرسامە؟

ـ بە هەموویان، هـــەر گۆرانیبێژێك کارێکی جوانـــی هەیە کە ئێمە ئەتوانین چێژی لێ وەربگرین.

*** تا ئێســـتا بەرهەمەکـــەت لەلایەن جەمـــاوەرەوە چۆن پێشـــوازی لێکراوە؟ تاچەند دڵنیای لەسەرکەوتنی؟**

ـ زۆر زۆر زۆر پێشـــوازییەکی باشی لێکراوە، قەت چاوەڕێی ئەو پێشـــوازییەم نەدەکـــرد، ئەزانم ســـیدییەکەم لەکاتێك بڵاو کرایەوە کـــە زۆر لە هونەرمەندانی تریش ســـیدی خۆیان بڵاو کردەوە، بەڵام سیدییەکەی من سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەســـت هێنا، پێم وایە هەموو کەسێك هەســـت بەوە دەکات کاتێك گۆرانییەکانم لە هەموو شوێنێك دەبیسترێن.

*** کەی دێیتەوە باشووری کوردستان؟**

ـ زوو بە زوو دێم(بەپێکەنینەوە).

*** تۆ زیاتر حەز بە سازدانی کۆنسێرت دەکەی یـــان ئاهەنـــگ و لەداهاتوودا کامیان ئەنجام دەدەی؟**

ـ راســـتیەکەی من زیاتـــر حەزم لە کۆنسێرتە و پێشـــمایە ستایلەکەی من زیاتر لەگەڵ کۆنســـێرت دەگونجێت نەك ئاهەنگ، بەدڵنیاییەوە کۆنسێرت ئەنجام دەدەم.

*** زیاتـــر کام گۆرانی خـــۆت زیاتر لات خۆشەویستن ئەوانەی ریتمی خاو و غەریبین یان ئەوانەی خێران؟**

ـ هەر یەکێکیان بۆ رۆژێك بەشـــێك لەهەســـتی مـــن پیشـــان دەدات، بۆیە هەموویانم خۆش دەوێن.

*** تاچەند سوود لەئینتەرنێت وەردەگریت بۆ مەبەستی هونەری خۆت؟**

ـ زۆر زۆر، ئێســـتا ئیمەیلەکەی من بەردەوام لەلایەن وێب ماســـتەرەکەی من بەردەوام چێـــك دەکرێت تاکـــو بەردەوام ئاگاداربیـــن لەبیروبۆچوونەکانی خەڵك. لە فەیس بووکیش کە ئەویش بەدەســـت وێب ماســـتەرەکەمە راســـتەوخۆ خەڵك لەهەموو شـــتێك ئاگادار دەکەینەوە. من بەردەوام حەز دەکەم لەگەڵ خۆشەویستانم لەپێوەندیدابم.

*** دوا وتەت بۆ جەماوەرەکەت چییە؟**

ـ پڕ بە دڵ دەڵێـــم هیوادارم بەردەوام خزمەتی جەماوەری خۆشەویستم بکەم و بەرهەمی منیان بە دڵ بێت.